# ئەمڕۆ سەیرە یان سبەی..!

جزا حسين
jazahossain@zonnet.nl

ووتیان نوێنەرانی کورد نەچونەتە بەغدا بۆ داواکردنی ماف ، لەوێ بڕیار دەرن، کوردان بەشێکن لە گەلی عێراقی فرە نەتەوەو بە هەموان بڕیار لەسەر عێراقێکی نوێی دیموکرات و فیدراڵ ..! دەدەن، ووتیان ئەوانەی کاریان لە گەڵدا دەکرێت ئەو ئۆپۆزسیۆنانەن سالآنێکی زۆر بەدەست رژێمی دیکتاتۆری بەعسی سەدامەوە نالآندویانە و توشی ئازار و کوشتن و دەربەدەری بوون.. ئەوانە خەڵکانێکی دور لە پەروەردەی ناسیونالیستی بەعسن.. ئاشتی خواز و دیموکرات خواز و شێت و شەیدای ئەزمونی کوردستانن و بەوەفاو نمەك بە حەرام نین ،بە روخانی سەدام و پێکهێنانی حکومەتی کاتی و پاشان حکومەتی پاش هەڵبژادن و پەرلەمان و ...هتد هەموو هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەوە، لە بڕیار بەدەست بوونمانەوە بووە دانوستان ، دانوستانی نێوان دوو بەرە یان دوو لایەن ، لایەنی ( ئەمەوێ ) و لایەنی ( ئەیدەم و نایدەم ) لە نێوان ئەم دوو لایەنەشدا لایەنی ( ئامادە نەبوو ) کە هەر لەسەرەتاوە بە هیچ شتێك رازی نەبووە و سورە لەسەر ئەوەی ( هەرگیز نەمداوە و نایدەم ) ، ئا بەو جۆرەی کێشەکان پێچەوانە بوونەوە و ئەرك و ماندوو بوون و هەڤپەیڤین و هاتوچۆ و ململانێنی نوێنەر و سەرکردەکانی کوردستان چڕ تر و پڕ تر بوون ..! توانای خۆیان زیاتر یەکخست و یەکڕیزی خۆیان گەر لەبەر چاوی خەڵکیش بێت پتەو تر کرد تارادەیەك یەك خیتابی سیاسی و پەیامیان پەیڕەو کرد، ئا لەمەدا کورد یان کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان قازانجێکیان کرد و رەوشی کوردستان ئارام بوو ، ئاشتی سەقامگیر بوو، کورد دەیەوێ لە عێراقێکی ئاسودەدا دیموکراسی بەرکەماڵ بێت و فیدراڵیەت بۆ کوردوستان مسۆگەر بێت، لە چوار چێوەی فیدرالیەتیشدا سنوری مێژوویی و هەقداری کوردستان دیاری بکرێت و سامان و ئابوری هەریم و ناوچە و شارەکانیش لە چنگ حکومەتی رزگار بکرێن ، لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەشدا مل نەدانی زۆرینەی بەرامبەر بۆ فیدرالیەت و سنوردارکردنی لە بەناو فیدرالی ئیداریدا ، تاکە خوێندنەوەی دروست بۆ بەرامبەر لەوەدایە کێشە کێشەی فیدراڵ نیە و لە بنچینەدا باوەڕیان بە مافەکانی کورد نیە و مێژوو و نەژاد و جوگرافیای گوردوستان شتێکە بە ئاسانی بۆیان هەرس نابێت، گەر بە رواڵەت واشی نیشان نەدەن ، لە ناخدا پابەندی لیکدانەوە نادروستەکانی سەردەمانی پێشوون و نا یەکسەری کاری بۆ دەکەن ، دەنا تەواوی ئۆپۆزسیۆنەکانی عەرەب کە کورد بە هاوکار و مۆدێرنیان دادەنێت سەرباری ئەوەی تا ئێستا لە میدیاکانەوە کراوەیی خۆیان نیشان نادەن بەرامبەر بە مافە زەوتکراوەکانی کورد، کەیی و..؟ کام لایەنیان رۆڵیان بینی لە تێگەیاندنی ئەو شەقامی عەرەبیەی هەمیشە فێرکراوە بالآدەست بێت لە نێو عێراقدا و مێژووی راستەقینەی عێراق بوێرانە باس بکەن و روی گەشی مێژوو ئاشکرا بکەن..؟ خوێندنەوەی دروستی دەم بێ هەڵویستیەکانی ئۆپۆزسیۆنی جاران و دەسەلآتدارانی ئێستا لەوەدایە گەر بکرایە و شەرم نەکرایە لەم زەمەنی گۆڕانکاری و پێشکەوتن و دیالۆگەی دژ بە تاریکی و نەفامیە هەمان بالۆرەیان بۆ دنیا لێئەدایەوە کە کورد لە ( قەومی جنۆکەیە)، بە هەق هەڵوێستی پێداگرتیان بەرامبەر چەسپاندنی مافەکانی کورد و کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان شەفافیەتێکی یەقینە لەسەر دیوە تاریکەکانیان.. ئەو دیوەی لێی هەڵکەنراوە( کورد میوانە لەسەر خاکی عەرەب و کەس نازانێت ئەم بەلآیە لە کوێوە بۆ عەرەبی عێراق هاتووە..!) پێم وانیە لە مێژوو شارەزا نەبن و نەزانن ئەم عێراقە چۆن لە دوای جەنگی جیهانی

یەکەمەوە دروستکرا و بەزۆرە ملە پارچەی تری پێوە لکێنرا و عەرەب چۆن و کەی بۆ باشوری عێراقی  ئێستا رەوی کردووە و میزۆپۆتامیا چیە و کوێیە..!؟

سەیر لەوەدایە ئەمانە فیدراڵ بە پارچە بوون تێدەگەن و ئەوانیش نایانەوێ عێراق پارچە پارچە بێت .. بەلأم خۆ گورد نەبوو لە جەنگی جیهانی یەکەمدا پاش ئەوەی ئینگلیز عێراقی داگیر کرد هۆزو تیرە عەرەبە رەسەنەکانی بەسرەو دەورو بەری وویستیان نەك حوکمێکی خودموختاری بەڵکو بە تەواوی لە عێراق جیاببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنن ، ئەو دەم عەرەب دەیویست بەلاٍم ئینگلیزی نا دڵسۆز بە نەتەوەی عەرەب نەیویست .

راستی دروستی ئەمڕۆ لەوەدا دەبینرێتەوە کورد لە عەرەب زیاتر دڵسۆزی عێراقە و بە پەرۆشەوە کار بۆ پێشکەوتن و ئاسودەیی و ئارامی عێراق دەکات چون قازانجی خۆی تیا دەبینێتەوە عەرەبیش بە تەنیا ئابوری بەهێزی ناوەندێتی و سوپای ناوەندی و باڵادەستی ناوەندێتی بە قازانج دەزانێت  کەئەمەیش ترسی گەورەی لە دواوەیە.

لەگەڵ رێز و بە هەند وەرگرتنی ئەو روناکبیرە عەرەبانەی خوێندنەویەکی دروستیان بۆ رەوشی ئەمڕۆ و ئایندەی عێراق هەیە و ئەوانیش لە ژمارەی پەنجەی دەست تێناپەڕن ، دەبێت هەمووشت بە راشکاوانە بخرێتە روو دەبێت دەستوری هەمیشەیی عێراق بە ئاشکرا ئاماژە بە راستیەکان بکات و ئیجتیهاد لە خوێندنەوەی دەستوردا نەبێت دەنا فرە تەفسیری گێچەڵی زۆر لێدەکەوێتەوە، مێژووی بە تایبەت عێراق جگە لە ئەزموونی کورد بەرامبەر هەڵوێست گۆڕینی عەرەب و رارابیان زۆر ئزمونی تر هەنە و بە تایبەت لە کاتی دەسەلأت وەرگرتندا یان لە پێناوی بەرەو دەسەلأتدا گۆڕانکاریی کت و پڕیان بەسەردا دێت، لەکاتی شەڕی نێوان عوسمانی و ئینگلیزدا پشتی عوسمانیان گرت دژی ئینکلیز بە ناوی شەڕ دژی کوفر و کافر کەچی هەر عەرەب و روناکبیرانیان بوو پەیکەریان بۆ ژەنراڵ (مود) دروست کردو کەوتنە پیا هەڵدانی و پاشان دژایەتی کردنیشی ،بەسەرهاتەکانی ئیمامی عەلی و حسین و چەندەهای تر هەر لە لایەن هەڵوێست گۆڕینی هۆز و تیرەی عەرەبەوە بوو .ئەم هەڵوێست گۆڕینانەش هەمیشە کوشت و کوشتار و کاولکاریەکی زۆری هێناوە بۆ گەلانی عێراق.

بە پێی دەنگو باسی میدیاکان بۆ ڕشنوسی دەستور بە تایبت لە لایەن عەرەبی سوننەوە فلأنە فورمیان بە دڵ نیە و بە فلأنە فۆرم رازین و دەمەتەقێکان گەرمن بە واتای دانوستانەکان گەرمن ، ئەوەی هەیە کوردستان تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە و بۆ خەڵکی کوردستان هەیە چی بکەن و چی نەکەن گەر نییەتی ئەوان بەرامبەر کورد پاك بوایە بەهیچ جۆرێك دەبوو بەلای باسی کورد و چۆنیەتی خۆرێکخستنیدا نەچونایە و بۆ خۆ بەدورگرتنیش لە ئاسەوارەکانی بەعس و زۆرداری و بیرۆکەی بەرژەوەندپەرستی داگیرکەران لەبەردەم بەڵگە نامە مێژووییەکاندا بێدەنگ بوونایە و ناخ پاکی خۆیان نیشان بدایە،

ئەوەی دەبینرێت عێراق عێراقی دەست ئۆپۆزسیۆنە نیشتمانپەروەرەکانی دژ بە زوڵم و زۆرداریە  و دانوستانی کوردیش لەگەڵیاندا لە پێناوی هەمواندایە و ئەوەی جێی سەرنجیشە لە پێناوی خۆشگوزەرانی هەموو عێراق و ئاسودەیی عێراق و  پێشکەوتنی عێراق کورد کەمکردنەوەی مافەکانی خۆی دەبەخشێتە عێراقیەکان و تا ئێستاش دیارنیە عێراقیەکان چی دەبەخشنە کورد و سەرانی کورد چی دەهێننەوە بۆ کوردوستان.هەر بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین ئەمرۆ سەیرە یان بیەی.